# فیلەکەت ئەی خاوەن شکۆ!

حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

لێرە و لەوێ، هەندێ گلەییم لە دەسەڵاتداران و سیاسەتمەدارانی کوردستان کردووە، بەڵام ناوی کەسم نێهێناوە نەک بۆدیگاردێکی لوقمەباتمانی لە سەر شێخەکەی خۆی و بۆ پاراستنی سەرچاوە دارییەکەی و لەدەستنەدانی کورسییەکەی شیرم لێ تیژ بکا. ئێستاش ناوی کەس ناهێنم و هەر بە سیاسەتمەداران و دەسەڵاتداران ناویان دەبەم و ئەو کەسەش کەسە ئەلفێکی بەسە!

گوتمان و گوتیان و دەڵێین: لێپرسراوان وەک بە دوای دەرمانی چاوهێشەدا بگەڕێن، ئاوها بە دوای ڕابردوو پیس و ئێستاپیستر و کۆنەموستەشار و کۆنەقەڵەمفرۆش و کۆنە هەموو شتێکی خراپدا دەگەڕێن تا پلە و پایە و کورسییان بدەنێ و تەبیعەتی ئەو کوردانە تێکبدەن کە ڕۆژێ لە ڕۆژان نەیانتوانیوە و ناتوانن داوێنی پاکژی کوردبوون و نیشتمانپەروەریی خۆیان لەکەدار بکەن و بە لایانەوە گرنگ نییە کە لە سای سەری لێپرسراواندا، خیانەتکردن عەیبە نییە، بەڵکو نەکردنی خیانەت شەرمەزارییە!. ئەمە چ نهێنییەکی تێدایە؟ بۆ دەبێ دەسەڵاتدارێک زوخاو بە قوڕگی ئەوانەوە بکا کە دڵسۆزی نیشتمان و نەتەوەی خۆیانن و تەنانەت تۆڵە لەوانەش بکاتەوە کە دڵسۆزی خودی خۆیانن، بەڵام کون بە کون بە دووی ئەوانەدا بگەڕێ کە ڕۆژگاریان پڕە لە جاشێتی و خۆفرۆشی و ملشکاندنی ئەم و ئەو و فرۆشتنی کیژە کورد و بە گرتدان و بەکرێدانیان؟ ئەمە دەکەن و بەردەوام بە بەر چاویانەوە، ئەو دەستەگوڵە هەڵبژاردە سووکانەیان، ڕەدوو دەکەون و خۆ دەفرۆشن و دەبەن و دەدزن و فایلیان ئاشکرا دەبێ بێ ئەوەی کەس لێیان بپێچێتەوە. ئاخر فایلە ئاشکراکراوەکان، فایلی لە خۆیان گەورەتریان لە بندایە و هەڵدانەوەیان زەرەری پەزی تێدایە.

پیاو کە بیر لەم دیاردە بێ وێنە و سەیر و سەمەرەیە دەکاتەوە، دزی و ئاودیوکردن و ماچکردنی سەددام و گفتوگۆی ناوەختی وەک کەڵەشێری سەرەخۆرەی ئەم سەرکردانەی بیر دەچێتەوە و سەرسام دەبێ! لە سەرسامبوونیشدا، پیاو ناچارە بیری بەگەڕ بخات و کون و کەلەبەری هۆشی تێرنەخۆرەکان بپشکنێ تا بزانێ چە باسە و بۆچی وا لەو میللەتە دەکەن کە سەرتاپای ڕەشپۆشی شەهیدانی خۆیەتی و بۆچی ئەو ولاتە ئاوها لێ دەکەن کە سەرتاپای خوێن و گۆڕستانە! تەنانەت دەستبەرداری گەورە پیاوە کۆچکردووەکانیش نابن و هێندەی پێیان کرابێ سووکیان دەکەن و دەیانکەنە جۆکەری گەمە و قومارە دۆڕاوەکانی خۆیان!

من دوو گومانم هەیە و ئەگەر فایلە گەورە شاردراوەکان لە حیساب دەرهاوێژم، تا ئێستا نەبوونەتە سێ: یەکەمیان ئەوەیە دەسەڵاتی کوردی، نوسخەی کوردیی حیزبی بەعسە و بەرێوەمان دەبا بۆیە هەر تاقیبی بەعس و پیاوانی بەعس دەکا تا ئەرکی چارەنوسسازیان پێ بسپێرێ و هەر باشیشە لە سەر پێشمەرگایەتی و دژایەتیکردنی بەعس خەڵکی کوردستان هەر لە ڕووی دارایی و وەزیفەوە سزا دەدا و بێ کارەبا و نەوت و غازیان دەکا و نایگەیەنێتە ئەشکەنجە و ئیعدامکردن. ئەمە، تۆمەتێکی گەورەیە و ئاسان نییە بەرگریی لێ بکرێ و بەڵگەی زندووی بۆ بهێندرێتەوە، بە تایبەتی لە کاتێکدا کە دەسەڵات و یاسا، وەک لاستیک بە دەستی خۆیانەوە دەکشێ و کرژ دەبێ!
گومانی دووەمم ئەوەیە کە ئەوەی ئەمنایەتی و جاشایەتی بۆ بەعس کردبێ، ئەوەندە سەری شۆڕە، هەمیشە بۆ سەرشۆڕکردن ئامادەیە بۆیە ئەوەندە خۆشەویستی دەسەڵاتدارانن. بۆ ئەوەی کەس قسە نەداتە بەر قسەی کاکی دەسەڵاتدار، چاکترین شت ئەوەیە دەوروبەری بەو خۆفراشانە بتەندرێ تا بەردەوام، هەر ئەوەندە بزانن بڵێن: "بەڵێ قوربان و بەڵێ گەورەم و بەڵێ مەولام..." گیانی نوکتەبازیشییان تێدابێ چونکە زۆربەی دەسەڵاتدارانی کورد، حەزیان لە نوکتەیە و تەنانەت خۆشیان نوکتەی خەڵکی لە سەر خۆیان دەگێڕنەوە و هەر بەخۆشیان پێدەکەنن! کەسانی ئاوها و وەک ئەوانەی کۆبوونەوەی چارەنووسی کەرکووکیان بیر دەچێ، بەڵام بیریان ناچی قژە سپییەکانیان ڕەنگ بکەن، بۆ دەسەڵاتدارانی کورد، زۆر لەوانە باشترن کە باسی فایلی فایلداران بە چوار کیلۆ دەکەن، یا داوا دەکەن ئەو فایلدار و خۆفرۆشانە سزا بدرێن.

لە بواری نووسین و قەڵەمفرۆشیشدا، تەنها هیچنەدیتە و خۆفرۆش و سەنگەرگۆڕ دەتوانن ئاوها مل مات بکەن و ڕوو وەرگێڕن و بەرانبەر خانووی چەند نهۆمی و کارەبای بەردەوام و دوامۆدێلی ئۆتۆمبیل، هەرچییان گوتووە و نووسیوە، بە سەر ڕوخساری کەرانەی خۆیان و عەقڵی ئاڵووێرکەری خۆیاندا هەڵیبهێننەوە! نووسەر هەیە ئەرکی هەر ئەوەیە هەڵە و ورێنەی لێپرسراوان پینە و پەڕۆ بکات و

زوو زوو بڵێ: "جەنابی فلان مەبەستی ئەمەیە و ئەوەیە و ئەوەیان نییە!" و تەنانەت دەشزانن ئەو جەنابانە، کەنگێ جەناباتیان لە سەرە و کەی دەستنوێژیان هەیە یا نییانە!.

من، خوانەخواستە ناڵێم ئەو خۆفرۆشانە خەلات مەکەن و پلە و پایەیان مەدەنێ! وەک قسەخۆشێکی گەرمیانی کە لێپرسراوێکی دیبوو چۆن کۆنە جاش و بەعسی دەوریان تەنیوە و ڕێ نادەن کەس لێی نێزیک بێتەوە، گوتبووی: "وەڵا هەر فەتەی برامتان کەمە!" و فەتەی براشی بەشدارییەکی کاریگەرانەی لە ئەنفالی کورددا کردبوو. منیش دەڵێم: "وەڵا هەر عەلی کیمیاوی و تەها جەزراویتان کەمە تا ببنە قیادەی قوتری! بۆ یەکەمیان  ناکەنە وەزیری مافی مرۆڤی کورد؟ مرۆڤی کورد، هەر قابیلی ئەوەیە عەلی کیمیاوی وەزیری مافە مرۆییەکانی بێ! ئاخر فیلەکەی خاوەن شکۆش، نێرێکی گەرەکە تا بە باغچە و ڕەز و ماڵەکانماندا، جوان جوان بە جووتە بلەنگێن و جووت بن و زاوزێ بکەن! ئەو پلە و پایە گرنگە، بۆ عەلیکیمیاوی باشە و بۆ وەزارەتی پێشمەرگەش، کە تەنها وەک وشە و یادگاریی بە پیرۆزیی ماوەتەوە و گلاو نەکراوە، تەها جەزراوی فیلێکی خراپ نییە.. ئەو دامودەزگایەی کە کورد تالان دەکا و کوردستان کەوڵ دەکا و شوێنەوارە دێرینەکانیشی دەدزێ هەر ئەو دوو فیلەی کەمە، ئەی خاون شکۆ!

بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە لە شەڕی بەچکە لێپرسراوان بپارێزرێن... نا، نا... بۆ ئەوەی بەچکە لێپرسراوەکان بە ئاسوودەیی لە شاقامی سیی یا پەنجا کیلۆمەتری ناو شاردا 120 کیلۆمەتر باژوون و بۆ ڕێکردنەوەی خۆیان خەڵکی بەر شاپ نەدەن، پێشنیار بۆ خاوەن شکۆ دەکەم، هەر یەکە لە ئۆتۆمبیلەکانیان، شتێکی وەک ئەوەی ئەمبولانسی لە سەر بێ و هەم بقیژێنێ هەم تیشک باوێ تا ڕێی بۆ چۆڵ بکەین، دەنا نازانین کێ خوشکەزای کامە لێپرسراوە و کیهە برازایەتی!

چارەنووسی کوردستان دیار نییە. کەرکووک، نە دڵی کوردستانە نە قودسێتی! تەنانەت کوردستانیش، چی دی کوردستان نییە و بۆتە هەرێم و هەریمیش جێی شیمالی جارانی گرتۆتەوە. ئازادیمان ڕستکراوی دەستی مەلاکان و شۆڤیەنییەتی عارەبە، کەچی دەسەلاتدارانی کورد جگە لە سەرەوەت و سامانێ کە هەر زوو دزییان و ئاودیویان کرد، بەربوونەتە گیانی گۆزەکۆن و خەتی بزماری و پەیکەرە کۆن و هەموویان تالانفرۆش کرد و کفنی نەتەوەیەکیان دەرهێنا تا بە دەستی موبارەکی خۆیان بیکوژن و بە دوو دەمی مەقەسی ئەملا و ئەولا شریتەکەی ببڕن. ئەوجا بۆ داینکردنی پاشەڕۆژی تەمەنی نوحئاسای خۆیان و منداڵ و وەچەکانیان، هیچیان لە کوردستاندا نەهێشت و لە ڕووشیان دێ لە ڕۆژنامەکاندا و لە هەموو ژمارەیەکدا بنووسن: "تۆ کە ئێستا لە سایەی ئازادیی کوردستاندا کار دەکەی، هەقە خوێنی شەهیدان و ڕەنجی ڕەنجکێشانت لە بیر بێت" پێشنیار بۆ ئەو قسەخۆش و قسەقوتە نوکتەسازە دەکەم کە ئەو ڕستە نوکتەیەی داڕشتووە، بۆ یەک جاریش بێ ئاوها بنووسێ: "تۆ کە لە سێبەری حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا دەدزی و دەبەی و دەکەی، خوێنی شەهیدان و ڕەنجی ڕەنجکێشان لە بیری خۆت بەرەوە تا تێر بنوویت و خەوی ناخۆشیش نەبینی!.